کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-7-2007 21:10بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## من کێوی بووم، ئەوە تۆ بوویت کەویت کردم ... حەمەسەعید حەسەن

ئازادی شتێك نییە، بتوانین لە دەرەوە بیهێنین، ئەگەر هەبێت لە ناخی خۆماندایە.
(غەسسان کەنەفانی)
غەسسان کەنەفانی پیاوێك بوو، خاوێن، نە سامان توانی پیسی بکات، نە دەسەڵات.
(غادە سەممان)



ئەگەر پێت وایە بزربوونی من، شتێك دەگۆڕێت و دەبێتە هەوێنی بەختیاریت، هێندەم خۆش دەوێیت، دەتوانم بەو شێوەیەی دەخوازیت، لەبەر چاوت بزربم، بۆ هەر کوێیەك سەفەر بکەیت، هەرچەند لێم دوور بیت، لەبەرچاوم بزر نابیت. دووری و دابڕان، ناتوانن ئەو شتە هاوبەشانەی نێوانمان کە لەسەر بناغەی ڕاستگۆیی و جوانی ڕۆ نراون، بڕووخێنن. تەنیا تاقە ژنێك، تەمەنی پیاوێك داگیر دەکات، ئیدی هەر ژنێکی دیکە بناسێت، هەوڵدانە بۆ قەرەبووکردنەوە و لەبیرچوونەوەی ئەو تاقە ژنە و دوای ئەو ئەوینە ڕاستەقینەیە، نە ژیان جێی بەختیارییەکی دیکەی تێدا دەبێتەوە و نە تەمەن بەشی ئەوینێکی دیکە دەکات، تۆ ئەو تاقە ژنەی ژیان و تەمەنی منیت.

هەرگیز کەسی وەك تۆم نەناسیوە، هێندە لێتەوە نزیکم، قەت لەکەسی دیکەوە، هێندە نزیك نەبووم. ددانی پێدا دەنێم، من کێویی بووم، ئەوە تۆ بوویت، کەویت کردم. تۆ ئەگەر چی بەردەوام گەمارۆت داوم، وەلێ من هەمیشە چاوەڕێتم، هەر وەك کەسێك چاوەڕێی گەڕانەوەی نیشتمانێك بکات کە لەمێژ بێت لە کیسی چووبێت. لە دووریت، مۆمێکم، دڵۆپ دڵۆپ دەتوێمەوە، وەك چۆن ناوی خۆمم لەبیر ناچێتەوە، هەرگیز تۆیش فەرامۆش ناکەم، ئەو ڕۆژەی تۆم لەبیر بچێت وەك ئەوە وایە نیشتمانم لەکیس چووبێت. وەك چۆن دەستبەرداری وڵاتەکەم نابم، هەر وایش قەت واز لە تۆ ناهێنم و خەباتی بێ وچانی درێژخایەنم، لەپێناوی ئەوەدایە بە تۆ بگەم، ئاخر تۆ، ڕابردوو، ئێستا و ئایندەی منیت، ئاخر تۆ نیشتمانی منیت، ئاخر بەهۆی تۆوە وابەستەی نیشتمانم.

تۆ تەنیا بیر لە چارەنووسی خودی خۆت دەکەیەوە و من خەیاڵم لای ئایندەی کەسانی دیکەشە. ترسنۆك نیم ئەوە ئەمەك و قوربانیدانە بۆ کەسانی دیکە، تۆ بە ترسنۆکیی لێك دەدەیەوە. وا هەست دەکەم لە ناوەندی خمخۆرکێکدام، (1) نازانم بگەڕێمەوە دواوە باشە، یان بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێم؟ من دیلی دەستی ئەوینی تۆم و تۆیش وەك چۆلەکەیەکی ئازاد، بەردەوام لە ئاسمانی خەیاڵمدا لە شەققەی باڵ دەدەیت. با لێشم نەپرسیتەوە، وەلێ من هەمیشە دێمەوە بۆ لات، وەك ئەو منداڵە بێکەس و بێ داڵدەیەی بۆ تاقە پەناکەی دەگەڕێتەوە. وەك منداڵێکی چەقاوەسوو دەگەڕێمەوە بۆ لات و سەری تەڕبووموت پێ دەسپێرم، بەو ئومێدەی قژم لە ئامێزتا وشك بکەیتەوە.

تۆ لە منداڵدانی (با) دا لە دایك بوویت و من دەخوازم لەژێر کەپری پێڵوومدا بتخەوێنم، ئەی ئەو هەورەژنەی لە تەمەنی وشکهەڵاتوومدا، بەفەڕترین وەرزبوویت. ئەوەندەم خۆش دەوێیت، تا لێواری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شێتی، شێتیەك هێدی هێدی بەرەو مردنم دەبات و کەچی چێژی لێ وەردەگرم. دەشێت ڕۆژێك بە تەواوی فەرامۆشم بکەیت، دەزانیت بەو چارەنووسە خەمناکەش، هەر قایلم! (2)

(1) الرمال المتحرکە.

(2) ئەم نامەیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو نامانەی غەسسان کەنەفانیدا نووسراوە کە بۆ غادە سەممانی هەناردوون. (رسائل غسان کنفانی الی غادە السمان، قدمت لها: غادە السمان، الطبعە الخامسە، دار الطلیعە 2005 بیروت. )

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.